Pearson

# تاقیکاریی هۆش چییە؟



بۆچی تاقیکاریی هۆش و زیرەکی جێبەجێ دەبێت و بۆچی ئێوە دەبێت تاقیکاریی هۆش جێبەجێ بکەن؟ بە مەبەستی یارمەتیدانی ئێوە لە دەسپێکردنی ئەم تاقیکارییەدا، لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە کە تاقیکاریی هۆش چییە، تاقیکاریی هۆش چۆن کار دەکات و بۆچی بەشداریی ئێوە لەم تاقیکارییەدا گرنگە.

تاقیکاریی هۆش پیشان دەدات کە منداڵان و گەورەساڵانی وریا و خاوەن هۆش بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیاندا چۆنن. ئەم تاقیکارییە زیاتر بۆ ئەوەیە کە بزانن کام خوێندنگە بۆ ئێوە شیاوە، وانەی زمانی ئێوە دەبێت لە کام ئاستەوە دەست پێ بکات یان چ یارمەتییەکی تر زۆرترین قازانجی بۆ ئێوە هەیە. ئەمە دەرفەتێکی چاکە تاکو تواناییەکانی خۆتان پیشان بدەن.

بوارگەلێکی زۆر جیاواز لە هۆشدا هەیە. دوو نموونە لەم بوارانە ڕادەی خێرایی و ڕ است جێبەجێکردنی کارەکان لە مێشکتاندا یان توانایی بیرگەی ئێوەیە. بە کەڵکوەرگرتن لە کارە جیاوازەکان، ئەم تاقیکارییە دیاری دەکات کە ئێوە لە بوارە جیاوازەکانی هۆشدا لە کام ئاستدان. ئەم کارە بە شێوەی ئاسایی بەم جۆرەیە:

ڕێنوێنێکی تاقیکاری لەگەڵ ئێوە لە تەنیشت مێزێکەوە دادەنیشێت و کارە جیاوازەکان شرۆڤە دەکات. ئێوە ئەم کارانە جێبەجێ دەکەن و تا بکرێ هەوڵ بدەن وەڵامی ڕاست بدەنەوە. ڕێنوێنی تاقیکارییەکە سەبارەت بە ڕەوتی کارەکەی ئێوە نووسراوە هەڵدەگرێت. لە خوارەوە هەندێ نموونە لە کارەکانی پێوەندیدار بە تاقیکاری شرۆڤە کراوە: پێکەوەنانی پازڵێکی ئاڵۆز، تەواوکردنی شێوازێک، لەبەرکردنی شت یان وتنەوەی چیرۆکێک بە پاراستنی ریزبەندەکەی. بەتەواوەتی سروشتییە کە بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان پێویستە زۆر بیر بکەنەوە و تیشک بخەنە سەری. هەروەها بە تەواوی سروشتییە کە نەتوانن هەموو کارەکان جێبەجێ بکەن. چاکتر وایە بە هێوری و بەو پەڕی تیشک خستنەسەر کار بکەن.

گرنگ ئەوەیە کە ئێوە لە ماوەی تاقیکارییەکەدا قسە نەکەن. تاقیکاریی هۆشی ئێوە بەبێ هیچ جۆرە قسە و وتووێژێک جێبەجێ دەکرێت ئەمە بۆ هەموو کەلەپوورەکان و زمانەکان یەکجۆرە. هەموو کارەکان لە ڕێگای وێنەکانەوە شرۆڤە دەکرێن و ئێوە بۆ وەڵامدانەوە لە دەستتان کەڵک وەردەگرن. کەواتە پەرۆشی ناسیاوی لەگەڵ زمانی تاقیکاریەکەتان نەبێت.

بەشداریی ئێوە لەم تاقیکاریەی هۆشدا دڵخوازانەیە. ئەگەر پێتان خۆش نەبوو، مەجبوور نین تێیدا بەشداری بکەن. بەڵام ئەم تاقیکارییەی هۆشە یارمەتیتان دەدات چاکترین پشتیوانی و یارمەتی وەرگرن. لە ئاکامدا، بایەخی ئەوەی هەیە کە بە وردی هاوکاری بکەن و هەموو هەوڵی خۆتان بخەنە کار.